کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
3-1-2007 13:09 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بە بۆنەی لەسێدارەدانی سەدام، حکومەتی هەرێم بڕیاری دا حەوت شەو و حەوت ڕۆژ ئاهەنگ بگێڕێت!... هیوا بەکر**

لە ڕاستیدا حکومەتی هەرێم بڕیاری پشوی حەوت ڕۆژی دەرکرد بەڵام بە بۆنەی جەژنەکانی سەری ساڵ و قوربانەوە بوو نەك کۆتایی سەدام. ئەوەیان نازانم ئەگەر حکومەتی هەرێم زانیبێتی کە لەسێدارەدانی ئەو دکتاتۆرەشی بەسەردا دێت؟!!! بەداخەوە وا نەبوو، هەروەك لە ماڵپەری یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بڵاوکراپەوە کە بەڕێز مام جەلال ئاگاداری کاتی لەسێدارەدانەکە نەبووە. ئەی باشە ئەم دەهۆڵ و زوڕنایەی کەناڵ و میدیا کوردیەکان دەبێت بە بۆنەی چییەوە بێت؟!

-ئەگەر بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە بێت. باشە خۆ هەموو نەتەوەی ئارەب و پانتایی جیهانی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی کە ئاهەنگ و جۆرەها یادکردنەوەی ئەو بۆنەیە ڕێك دەخەن بەڵام میدیاکان و ڕۆژنامەکانیان لەکار ناکەوێت و کەناڵەکانی وەك ئەل ئەرەبییە و ئەل جەزیرە و ئەل و ئەل و... هتد لە پێشەنگی ئەو کەناڵانە بون کە لە پێش ئێمەی چارەنوس بەستراو بە خودی ڕووداوەکەوە هەواڵەکانی لەسێدارەدانی سەدامیان پەخش دەکرد بەبێ گوێ دانە هۆڵیدەیی و پشوو و حەسانەوە لە ماڵ و چی و چی تر؟!!!! ئەی میدیای کوردی لە کوێ خەوتووە؟!!

- ئەگەر بەبۆنەی ئاهەنگەکانی سەری ساڵەوە بێت، باشە خۆ دنیای کریستیان و ڕۆژئاوا زۆر بەگوڕتر و گەرمتر بەرەو پیری ئەو هەواڵە چوون هەروەك هەمومان بینیمان سەرەڕای ئەوەی کە هەموو دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەڕکێکەی سەر شاشە کوردیەکان بە چارەکێکی ئەو ئاهەنگانەیان پێناکرێت (بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەندێك لەو ئاهەنگانە تەنها چەند ڕێکخراوێکی ناحکومی وە یان باندێکی گۆرانی و مۆسیقا ڕێکی دەخەن و پارەیەکی ئەوتۆی تێ ناچێت) ؟ ئەی باشە دەرنەکەوتنی بەرپرسە کوردەکان و ڕاگرتنی ئەو ئاهەنگانە بۆ تەنها ساتێك لە پایچی؟!!!

ئەگەر بەبۆنەی لەسێدارەدانی سەدامەوە بێت؟!! ئەوا من وای بەباش دەزانم کە هەر ئێستا هەموو کورد بڕژێنە سەر شەقامەکان و داوای مافی خوراوی سەدان هەزار کوردی بێتاوانی:

هەڵەبجەیی و فەیلی و بارزانی و سۆرانی و بادینی و هەولێری و دهۆکی و سلێمانی و کەلاری و خانەقینی و کەرکوکی و ئیسلامی و شیوئی و کۆمۆنیست و نەتەوەیی و تورکمانی و ئاشوری و سریانی و کلدانی و سابیئە و یەزیدی و مەندائی و مەخموری و هەرکی و هەورامی و سورچی و... تەنانەت پەلەوەرەکان و مەڕ و ماڵاتی دزراو لە ئەنفالەکاندا بکەن و هەرئێستا داوای تەسلیم کردنی ئەلی کیمیاوی (کیمیکەڵ ئەلی) بە دەسەڵات دارێتی کورد بکەن هەتا سەدر و بەدر و سەیستانیەکان ئەویشیان لەچنگ دادپەروەری کوردی دەرنەهێناوە... لەکاتێکدا کوردانی ئەوروپا لە گەرمەی ئاهەنگەکانی سەری ساڵدا ماندونەناسانە هەوڵی دەرخستنی ئەو ڕاستەیە دەدەن کە بە کۆتایی سەدام، ئارەب و فارس و تورك و ئەمریکا و ئینگلیز و هەموو دنیاش ناتوانن تاوانەکانی ئەنفال بشارنەوە! کەچی ئەل جەزیرە ئینتەرناشناڵ لە ناو شارە کیمیابارانکراوەکەی هەڵەبجەوە دەیانەوێت ئێمە بەدرۆ بخەنەوە کە کورد تەنها گرنگی بە لایەنێکی لەسێدارەدانەکەی سەدام دەدات کە ئەویش خۆی لە نەمانی ئەو دکتاتۆرەدا دەبینێتەوە و هەوڵ دەدەن لەو ڕێگەیەوە پێمان بڵێن چیتان دەوێت ئەوە سەدام لەسێدارەدرا ئیتر بۆ وازناهێنن! نازانن کە ئێمەی کورد ئۆقرە ناگرین تاوەکو ناساندنی ئەنفال وەك تاوانی جینۆساید دەکەینە دەستپێکردنی مێژووی هەڵوەشاندنەوەی گۆڕستانی ئێراق.

من لە بێ دەنگی میدیای کوردی تێ ناگەم لەم کاتە هەستەوەرەدا کە هەر وشەیەك لە میدیای هەر لایەنێکی پەیوەندی دار بە ئێراقەوە هەزار و یەك لێکدانەوەی بۆ دەکرێت! دەڵێن بێ دەنگی نیشانەی ڕازی بونە بەڵام خۆ ئێمە هەمو ڕێکین لەسەر حەتمیەتی لەسێدارەدانی ئەو دکتاتۆرە بەڵام کێشە لە شێوازەکە و کات و شوێنەکەیدا بوو! تۆ بڵێی بێ دەنگی میدیای کوردی بە ڕۆژنامە و دار و بەردی

ئەهلی و حكومی ناوخۆی كوردستانەوە نیشانەی ڕازی بون بێت بە تەواوی پرۆسەی لەسێدارەدانەكە؟!!
دوبارە با بیر هەمو لایەكی بێنمەوە ماڵپەڕی PUK و ئەل جەزیرەش ئەمجارەیان وتیان كە: بەڕێز مام جەلال ئاگاداری شوێن و كاتی لەسێدارەدانی دكتاتۆر سەدام نەبووە.
دەی باشە ئەو بێدەنگیە لەپای چی؟!!
پێشنیار: خۆزگە ئیتر میدیای كوردی بە هەموو جۆرەكانیەوە دەچوە ئاستی جیهانی و نەختێك بابەتیانە و پرۆفیشنەڵانە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەكاندا دەكرد!
باشە بۆ نابێت میدیای كوردی ئەم پەندە كوردیە جێ بەجێ بكات:
نان بۆ نانەوا و گۆشتیش بۆ قەساب!
بە ڕیشی كێ ڕەوایە هەموو كەناڵە كوردیەكان حەوت شەو و حەوت ڕۆژ زەماوەند ساز كەن لە كاتێكدا كوردستان نوقمی ئاریشەیە. دەبا هیچ نەبێت (NEWS 24) ی كوردی، فەیلی، ئارەبی، توركی، سریانی هەر هیچ نەبێت ئینگلیزی دەربچێت پەیمان بێت من یەكێك بم لە كادێرەكانی پشت كامێرای (بۆیی نەڵێن بۆ خۆدەرخستنێتی) بە خۆبەخشی 24 كاژێر كاری بۆ بكەم. سەردەم سەردەمی ڕاگەیاندنە كورد بەم خەمساردییەوە بە ڕووداو و گۆڕانكاریەكان ناگات، كوردە هاكا هیممەتێك. دەبا كەناڵێك بۆ موزیك و كەناڵێك بۆ هەواڵ و... هتد جیابكرێتەوە و كورد هیچ نەبێت گوێ لە پەندی باووباپیرانی خۆی بگرێت.
دواهەواڵی ئەم وتارەش ئەمەیە:
سەرچاوەیەك كە حەزی نەكرد ناوی خۆی ئاشكرا بكات لە كوردستانەوە پێی ڕاگەیاندین كە هۆكاری زەماوەندی حەوت شەو و حەوت ڕۆژەی كوردستان ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی كوردستانە لە داهاتویەكی نزیكدا. (*)

(*) ببورن مەبەستم هیچ شتێكی خراپ نییە تەنها نیازپاكی و دڵسۆزی نەبێت.